Bundesamt
für Migration
und Flüchtlinge

# نامیلکەی زانیاری سەبارەت بە خولی ئینتگراسیۆن

بۆ:

- ئەو پەناخوازانەی کە بەپێی مادەی 55 بەشی 1 لە یاسای پەنابەری (AsylG) مۆڵەتی نیشتەجێبوونیان هەیە
- ئەو بیانییانەی کە بەپێی مادەی 60a بەشی 2 ڕستەی 3 لە یاسای نیشتەجێبوون (AufenthG) دولدونگ (Duldung)یان هەیە
- ئەو بیانییانەی کە بەپێی مادەی 60a بەشی 2 ڕستەی 3 لە یاسای نیشتەجێبوون دولدونگیان هەیە و هەروەها بەپێی مادەی 60c بەشی 1 لە یاسای نیشتەجێبوون دولدونگ بۆ ڕاهێنانیان هەیە یان بەپێی مادەی 60d بەشی 1 لە یاسای نیشتەجێبوون دولدونگ بۆ دامەزراندنیان هەیە.
- ئەو بیانییانەی کە بەپێی بەشی 24ی یاسای نیشتەجێبوون یان مادەی 25 بەشی 5 لە یاسای نیشتەجێبوون، مۆڵەتی نیشەجێبوونیان هەیە.

بەڕێز،

تۆ دەتوانیت بۆ وەرگیران بۆ بەشداریکردن لە خولی ئینتگراسیۆن لە نووسینگەی فیدراڵی بۆ کۆچبەری و پەنابەران (BAMF) داواکاری پێشکەش بکەیت. بۆ ئەنجامی ئەم کارە، دەبێت یەکێک لەم مەرجانەی خوارەوەت هەبێت:

- تۆ پەناخوازیت و مۆڵەتی مانەوەت هەیە،

یان

- بەپێی مادەی 60a بەشی 2 ڕستەی 3 لە یاسای نیشتەجێبوون دولدونگت هەیە یان بەپێی مادەی 24 لە یاسای نیشتەجێبوون یان مادەی 25 بەشی 5 لە یاسای نیشتەجێبوون، مۆڵەتی مانەوەت هەیە.

پێویستە ئاگادار بیت: گەر پێشتر لەکاتی داواکاری بۆ پەنابەری یان لەکاتی چاوپێکەوتنی شەخسی لە پرۆسەی پەنابەریدا بۆ خولی ئینتگراسیۆن وەرگیراویت، ئەوا چیتر پێویست نییە بۆ وەرگیران لە خولەکەدا داواکاری بکەیت.

منداڵان، مێرمنداڵان، و گەنجە پێگەیشتووەکان کە هێشتا لە تەمەنی خوێندنگەی ئیجباریدان، ناتوانن لە خولی ئینتگراسیۆن بەشداری بکەن.

خولی ئینتگراسیۆن چییە؟

خولی ئاسایی ئینتگراسیۆن لە دوو بەش پێکهاتووە، خولی زمان و خولی ئاشناکردن.

لە خولی زماندا، فێری ئەو وشانە دەبی کە بۆ قسەکردن و نووسینی ڕۆژانە پێویستە. ئەمەش بریتییە لە پەیوەندیکردن لەگەڵ بەرپرسان، قسە و گفتوگۆ لەگەڵ هاوسێکان و لەسەر کار، نووسینی نامە و پرکردنەوەی فۆڕمەکان.

خولی ئاشناکردن سەبارەت بە ژیان لە ئەڵمانیا ئاگات دەکاتەوە و زانیاریت پێدەدات. لەم خولەدا، دەربارەی سیستەمی یاسایی، کولتوور و مێژووی ئەم دواییانەی وڵاتەکە فێر دەبی.

خولی ئاساییی ئینتگراسیۆن لە خولێکی زمان بە 600 وانەی فێرکاری (هەر وانەیەکی فێرکاری 45 خولەک دەخایەنێت) و لە خولێکی ئاشناکردن بە 100 وانەی فێرکاری، پێکهاتووە. خولی زمان لە شەش بەش پێکهاتووە و هەر بەشێک بریتییە لە 100 وانەی فێرکاری.

KNr. 630.121j Kurdisch Sorani BAMF 01/2023

300 وانەی فێرکاریی یەکەم پێی دەوترێت خولی سەرەکی و 300 وانەی فێرکاریی دواییش پێی دەوترێت خولی پێشکەوتووی زمان.

هەروەها خولی تایبەتیی ئینتگراسیۆن هەن، بۆ نموونە بۆ ژنان، باوک و دایکان، گەنجان و بۆ ئەو کەسانەی کە ناتوانن بە باشی بخوێننەوە یان بنووسن. ئەم خولانە 1000 وانەی فێرکاری لەخۆدەگرن.

گەر خێرا و زوو فێر بی، دەتوانیت لە خولێکی چڕ بەشداری بکەی.

ئەو ڕێکخراوەی کە خولەکانی ڕاهێنان بەڕێوە دەبات، کە پێی دەوترێت «دابینکەری خول»، پێش ئەوەی خولەکە دەست پێبکەیت تاقیکارییەک بۆ دیاریکردنی ئاست بۆ تۆ بەڕێوە دەبات. ئەم تاقیکارییە دیاریی دەکات کە باشترین خول و بەشی خول بۆ تۆ چییە. تاقیکاریی دیاریکردنی ئاست بەخۆڕاییە.

بەشداریکردن لە تاقیکاریی کۆتایی

تاقیکاریی کۆتایی، بریتییە لە تاقیکارییەکی زمان و تاقیکارییەک لە کۆتاییی خولی ئاشناکردن، کە پێی دەڵێن «ژیان لە ئەڵمانیا» (Leben in Deutschland). گەر لە تاقیکاریی زماندا نیشانی بدەی کە شارەزاییەکانی زمانی ئەڵمانی (ئاستی زمانیی B1) بەڕادەی پێویست دەزانی و لە تاقیکاریی «ژیان لە ئەڵمانیا» سەرکەوی، ئەوکاتە بە سەرکەوتوویەوە خولی ئینتگراسیۆنت تەواو کردووە. پاشان «بڕوانامەی خولی ئینتگراسیۆن» وەردەگری.

گەر لە یەکێک یان هەردوو تاقیکارییەکەدا سەرنەکەوی، گەواهیی ئەنجامەکانت وەردەگریت.

بەشداریکردن لە تاقیکاریی کۆتایی تێچووی نابێت و بە خۆڕاییە.

وەرگیران لە خولی ئینتگراسیۆن لەلایەن نووسینگەی فیدراڵی و ناونووسی لەلای دابینکەری خول.

تکایە داواکاری بۆ وەرگیران بەتەواوی و بەڕوونی پڕ بکەرەوە. گەر ئەو ناونیشانەی کە داوتە بە ناوی خۆتەوە نییە، تکایە ناوی خاوەنخانووەکە لە بەشی «گەر دەشێ، خانووی (c/o)» بنووسە، چونکە گەر وا نەبێت، ناردن وگەیاندنی نامە مومکین نابێت. ئەو بەڵگەنامانەی کە لە داواکارییەکەدا هاتوون هاوپێچ بکە و پاشان بینێرە بۆ ئەو ناونیشانەی تێیدا نووسراوە.

بە واژۆکردنی داواکاری بۆ وەرگیران، تۆ قبووڵی دەکەیت کە نووسینگەی فیدراڵی بۆ کۆچبەری و پەنابەران، دەتوانێت داتا و زانیارییە کۆکراوەکان بە مەبەستی بەڕێوەبردنی خولی ئینتگراسیۆن، کۆبکاتەوە، پێداچوونەوەی بەسەردا بکات و بەکاری بهێنێت.

واژۆکەت هەروەها، لە کاتی پێویستدا، بەراوردکردنی ئەم داتایانە لەگەڵ ئەو زانیارییانەی کە لە تۆماری ناوەندیی بیانییەکان لەبەردەستن، لەخۆدەگرێت. پشکنینێک ئەنجام دەدرێت بۆ دڵنیابوون لەوەی کە ئایا بەپێی مادەی 55 بەشی 1 لە یاسای نیشتەجێبوون مۆڵەتی مانەوە بوونی هەیە، بەپێی مادەی 60a بەشی 2، ڕستەی 3 لە یاسای نیشتەجێبوون دولدونگ بوونی هەیە، یان بەپێی مادەی 24 لە یاسای نیشتەجێبوون یان مادەی 25 بەشی 5 لە یاسای نیشتەجێبوون مۆڵەتی مانەوە بوونی هەیە.

گەر تۆ بۆ خولی ئینتگراسیۆن وەربگیردرێیت، لە نووسینگەی فیدراڵی پشتڕاستکردنەوەیەک وەردەگریت کە دەڵێت تۆ مافی بەشداریکردن لە خولی ئینتگراسیۆنت هەیە. بەمە دەڵێن :«بڕوانامەی شیاوەتی» (Berechtigungsschein). دەتوانی لە ئینتەرنێت و لەڕێگەی ئەو لینکەی ژێرەوە، دابینکەرانی خول و شوێنی بەڕێوەچوونی خولەکان و هەروەها لقی بەرپرسی نووسینگەی فێدراڵی لە ناوچەکەتدا بدۆزیتەوە: https://bamf-navi.bamf.de/de

تێبینی: گەر پێشتر لەکاتی داواکاری بۆ پەنابەری یان لەکاتی چاوپێکەوتنی شەخسی لە پرۆسەی پەنابەری، بڕوانامەی شیاوەتیت بۆ بەشداریکردن لە خولی ئینتگراسیۆن وەرگرتووە، ئەوا چیتر پێویست نییە بۆ وەرگیران لە خولی ئینتگراسیۆن داواکاری بکەیت.

دوای وەرگیرانت بۆ خولەکە تا ماوەی یەک ساڵ دەرفەتت هەیە. لە بڕوانامەی شیاوەتیدا ئەو ڕێکەوتەی کە دەرفەتەکەت بەسەردەچێت تێیدا نووسراوە. تکایە لەو نووسینگەی کە بۆت دیاری کراوە ناونووسی بکە و بڕوانامەی شیاوەتیی خۆت لەوێ پێشکەش بکە.  گەر هیچ نووسینگەیەکی تایبەت بۆ ئێوە دیاری نەکراوە، بە زووترین کات لە لای دابینکەرێکی خول کە خۆتان

هەڵیدەبژێرن، ناونووسی بکەن.

بۆ دڵنیابوون لەوەی کە لەسەر کاتی خۆیدا لە خولەکەدا بەشداری دەکەی، لەوانەیە نووسینگەی فێدراڵی بتنێرێت بۆ لای دانبیکەرێکی خولی دیاریکراو.

دابینکەری خول دەبێت پێت ڕابگەیەنێت کە خولەکە کەی بڕیارە دەست پێبکات. خولەکە دەبێت تا شەش حەوتوو دوای ناونووسی تۆ دەست پێبکات. گەر لەم ماوەیەدا هیچ خولێک بەڕێوە نەچێت و دست پێنەکات، دابینکەری خول دەبێت پێت ڕابگەیەنێت.

تکایە ئاگادار بە کە گەر دوای ناونووسیکردن بە هۆی هەر شتێک کە لە ئەستۆی خۆت بێت، تا شەش مانگ خولی ئینتگراسیۆن دەست پێنەکەیت یان بۆ ماوەی زیاتر لە یەک ساڵ بەشداریکردنەکەت بوەستێنیت و نەچیتەوە، شیاوبوونت بۆ بەشداریکردن بەسەردەچێت.

بەشداریکردنی ڕێکوپێک و گونجاو لە خولدا

بۆ ئەوەی بە ئامانجی خولی ئینتگراسیۆن بگەیت، دەبێت بە شێوەیەکی گونجاو و ڕێک و پێک تێیدا بەشداری بکەیت. ئەمەش بەو مانایەیە کە تا کۆتاییی خولەکە بەشێوەیەکی ڕێکوپێک لە خولەکەدا بەشدار بیت و تاقیکاریی کۆتاییی ئەنجام بدەیت. گەر حەزت لێبێت، دابینکەری خولەکەت بەشداریکردنی ڕێکوپێک و گونجاوی تۆ بەشێوەی نووسراو پشتڕاست دەکاتەوە.

بەخێوکردنی منداڵ

گەر لە بەشداریکردن لە خولێکی ئینتگراسیۆن ناچاری منداڵ بەخێوکەیت، تکایە پەیوەندی بکە بە دابینکەری خولەکەوە. ئەوان بژاردەکان و ڕێکارەکانی بەخێوکردنی منداڵت پێڕادەگەیەنن.

گۆڕینی دابینکەری خول

گۆڕینی دابینکەری خول زۆرتر تەنها دوای تەواوکردنی بەشێک لە خولەکە ڕێگەپێدراوە. دابینکەری خول تەنها لە بارودۆخی تایبەتدا دەکرێت بگۆڕدرێت، بەتایبەت لەکاتی گۆڕینی خانوو، گۆڕینی خولی تەواو وەخت بۆ نیوە وەخت یان بەپێچەوانەوە، لە دۆخی بەخێوکردنی منداڵ، یان بەشداریکردن لە دامەزراندن بۆ ڕاهێنان یان بۆ پارە  دوای تێپەڕاندنی بەشێک لە خولەکە.

گەر بە هەر هۆکارێکی تر بڕۆیت و بگواسترێیتەوە، جەلەسەکانی ئەو وانانەی بەشێک لە خولەکە کە چیتر بەشداریی تێدا ناکەیت، لەدەست دەدەیت.

گەر ڕێگەی گۆڕینت پێبدرێت، دابینکەری خول دەبێت بڕوانامەی شیاوەتی بنێرێتەوە بۆ تۆ.

تێچووەکانی خولی ئینتگراسیۆن

بەشداریکردن لە خولەکەدا بۆ تۆ تێچووی نییە و بەخۆڕاییە.

تێچووەکانی هاتوچۆ

گەر داواکاری پێشکەشی نووسینگەی فیدراڵی بکەیت، دەتوانیت یارمەتییەک بۆ تێچووەکانی هاتوچۆ بۆ خولی ئینتگراسیۆن وەربگریت. پێشمەرجی ئەم یارمەتییە ئەوەیە کە شوێنی بەڕێوەچوونی خولەکە دەبێت لانیکەم 3 کیلۆمەتر لە خانووی تۆوە دوور بێت. یارمەتییەکە بەسەریەکەوە و یەکجێ دەدرێت. تکایە داواکارییەکە بنێرە بۆ لقی نووسینگەی فێدراڵی کە بەرپرسی ناوچەی نیشتەجێبوونی تۆیە. دەتوانیت ئەو لقانە لەسەر ئینتێرنەت بە ناونیشانی خوارەوە بدۆزیتەوە: https://bamf-navi.bamf.de/de.

دووپاتبوونەوەی لانیزۆر 300 وانەی خولی زمان

لە هەندێک بارودۆخی تایبەتدا، دەتوانیت تا 300 وانەی خولی زمان یەک جار دووپات بکەیتەوە. بۆ ئەم مەبەستە، پێویستە بە

تەواوی بەشداریت لە خولی زمانەکەدا کردبێت، دوای ئەوە تاقیکارییەکی زمانت ئەنجام دابێت و نیشانت دابێت کە بەڕادەی پێویست زمانی ئەڵمانی نازانیت (ئاستی زمانیی B1).

داواکارییەک بۆ بەشداریکردن لە کاتژمێرەکانی دووپاتبوونەو پێویستە. تکایە داواکارییەکە پێشکەش بکە بە لقی نووسینگەی فیدراڵی کە بەرپرسی ناوچەی نیشتەجێبوونی تۆیە.

گەر خەریکی خولێکی خوێندەواری تێدەپەڕێنیت، پێویست ناکات پێش لە دووپاتکردنەوەی 300 وانەکە تاقیکاریی زمان ئەنجام بدەیت.

دەبێ چی تر بزانیت؟

هەروەها دەتوانیت فۆڕمی هەموو ئەو داواکارییانەی کە لەم نامیلکەیەدا ئاماژەی پێکراوە لە دابینکەری خول، لە تۆماری ناوەندیی بیانییەکان یان لە لقی نووسینگەی فیدراڵی کە بەرپرسی ناوچەی نیشتەجێبوونی تۆیە، بەدەست بهێنیت. هەروەها دەتوانیت ئەو فۆرمانە لەم وێبسایتەدا وەربگریت: https://www.bamf.de/formulare.

هەروەها دەتوانیت لەڕێگەی پۆرتاڵی فیدراڵی، داواکارییەکانت بەشێوەی ئەلەکترۆنی بنێریت بۆ نووسینگەی فیدراڵی.

داواکارییەکانی خوارەوە بەشێوەی ئەلەکترۆنی لەبەردەستن:

- داواکاری بۆ وەرگیران لە خولی ئینتگراسیۆن
- داواکاری بۆ وەرگیران بۆ دووپاتکردنەوەی لانی زۆر 300 وانەی خولی زمان
- داواکاری بۆ بڕەپارەی یارمەتیی تێچووەکانی هاتوچۆ لەوانەش بڕە پارەیەکی ڕۆژانەی زیاتر

ئەم لینکە ئینتەرنێتییەی خوارەوە دەتبات بۆ سەر ئەو داواکارییە ئۆنلاینانە کە لەسەر پۆرتالی فیدراڵیین:

ناونیشانی ئینتەرنێتی بۆ داواکاریی ئۆنلاین

دەتوانیت هەموو زانیارییەکی تر سەبارەت بە داواکارییە ئۆنلاینەکان لەم ناونیشانە ئینتەرنێتییەی خوارەوە بدۆزیتەوە:

ناونیشانی ئینتەرنێتی بۆ زانیاری لەسەر داواکاریی ئۆنلاین

هەروەها تکایە ئاگادار بە کە خزمەتەکانی ڕاوێژکاریی کۆچبەری و هەروەها خزمەتەکانی کۆچبەریی گەنجان لەبەردەستن. ئەوان بۆ داواکارییەکان، وڵامدانەوەی پرسیارەکان و حەلکردنی کێشەکانت یارمەتیت دەدەن و دەتوانن خولێکی گونجاوی ئینتگراسیۆن بۆ تۆ بدۆزنەوە. تۆ دەتوانیت شوێنی خزمەتەکانی ڕاوێژکاریی کۆچبەری و خزمەتەکانی کۆچبەریی گەنجان لە ناوچەکەتدا، لە تۆماری ناوەندیی بیانییەکان یان لە لقی نووسینگەی فیدراڵی کە بەرپرسی ناوچەی نیشتەجێبوونی تۆیە، یان لەسەر ئینتەرنێت بە ناونیشانی https://bamf-navi.bamf.de/de، بدۆزیتەوە.

لاپەڕەی زانیارییەکان، گرنگترین زانیارییەکان سەبارەت بە بەشداریکردن لە خولی ئینتگراسیۆن بۆ تۆ لەخۆ دەگرێت. هەروەها دابینکەری خول دەتوانێت هەر پرسیارێکی تر کە ڕەنگە بۆت پێش بێت، وەڵام بداتەوە.

لە کاتی بەشداریکردن لە خولی ئینتگراسیۆن بەشێوەیەکی یاسایی بیمەی ڕووداوەکانت نابێت.

بەشداریکردن لە خولی ئینتگراسیۆن هیچ کاریگەرییەکی لەسەر پرۆسەی پەنابەرییەکەت نییە.

ئێمە هیوای سەرکەوتنمان بۆ بەشداریکردنت لە خولی ئینتگراسیۆن هەیە.